www.kurdistannet.org  27-5-2003

# ژیانی سێ تێكۆشەری كوردی رۆژهەڵاتی كوردستان لە مەترسی دایە

بە گوێرەی هەواڵێ گەیشتوو دەزگای قەزایی كۆماری ئیسلامی ئیران، سێ تێكۆشەری
كوردی رۆژهەڵاتی كوردستانی بە تۆمەتی هاوكاری لە گەڵ حیزبی دێموكراتی
كوردستانی ئیران‌و پاش ئەشكەنجە دانێكی زۆر مەحكووم بە ئیعدام كردوە.
ئەم سێ تێكۆشەرە بریتین :

١ موحەمەد ئیسماعیل‌زادە ناسراو بە موحەمەد شارویرانی،تەمەن ٣٥ ساڵە. ناوبراو لە
سالی ١٣٧٥ هەتاوی لە گوندی قرەخان سەر بە ناوچەی شارویرانی مەهاباد بە
برینداری گیراوە. بە هۆی كەمتەرخەمی لە لایەن دەستەلاتدارانی ئیسلامییەوە و لە ئاكامی ئەشكەنجەیێكی زۆر
دا ، لاقی چەپی ئەو تێكۆشەرەیان بریوەتەوە . ناوبراو خێزاندارە و خاوەنی كوڕێكی حەوت ساڵانەیە.

٢ خالید فریدونی ، خێزاندار ، لە ساڵی ١٣٧٩ هە تاوی بە برینداری‌لە ناوچەی پیرانشار گیراوە. بەرەوڕووی
شكەنجە و ئازارێكی زۆر بۆتەوە.

٣ عومەر فەقێ‌پوور، خێزاندار ، لە ساڵی ١٣٧٩ هەتاوی لە ناوچەی پیرانشار گیراوە. بەرەوڕووی
ئەشكەنجە و ئازارێكی زۆر بۆتەوە.

ئەو تێكۆشەرانە تاوانی هاوكاری و ئەندامەتی‌حیزبی دێموكراتی‌كوردستانی ئیرانیان دراوەتە پاڵ.
بیرۆی رۆژهەڵاتی كۆنگرەی نەتەوەیی كوردستان لە گەڵ مەحكووم كردەنی سزای داسەپاو بەسەر ئەو سێ
تێكۆشەرە كوردە دا. داوا لە هەموو كۆروكۆمەل و رێكخستنە ، پێشكەوتنخواز و مرۆڤدۆستەكان دەكات كە بۆ
پووچەڵ كردنەوەی ئەو سزایە و رەزگاری ژیانی ئەو سێ تێكۆشەرتێ‌بكۆشن.
هەروە ها داوا لە هەموو رێكخستنە سیاسی، فەرهەنگی و كۆمەڵایێتیەكانی كورد لە هەموو بەشەكانی كوردستان
و لە دەرەوەی كوردستان دەكەیین. كە بە شیوەی گوونجاو، بكەونە تێكۆشان بۆ نەجاتی ژیانی ئەو ٣ هاووڵاتیە
خەباتگێرەمان. كۆنگرەی نەتەوەی كوردستان بە هاوكاری و هاودەنگی هەموو لاینە كوردیەكان، توانای
خۆی دەخاتە گەڕ بۆ نەجاتی ژیانی ئەو تێكۆشەرانە.

بیرۆی رۆژهەڵاتی كۆنگرەی نەتەوەیی كوردستان

بروكسل ٢٧ -٥ -٢٠٠٣